# دۆزەخی ژیانی پاشماوەی ئەنفال

**عەلی مەحمود محەمەد**

نەنە سەبری کاتێك لە ئایاری 2001 لەگەڵ بەڕێزان کاك د.جەبار قادر و د.نوری تاڵەبانی و د.کازم حەبیب و ڕۆژنامەوانی ناسراوی عێراقی زوهەیر جەزائیری سەردانی ماڵەکەیمان کرد وتی : لەوکاتەوەی تۆ کۆمەکەکەت بۆم هێنا , کەس یەك تاقە فلسی نەداوە پێم , ئەو باسی 7 ساڵ پێش ئەو ڕۆژەی دەکرد , کۆمەکەکەی منیش بۆم بردبوو تەنها 1000 دیناری منالْ پارێزانی کەنەدی بوو , کە ئەوکات دەیکردە تەنها 25 دۆلار ئەمەریکی , تا ئەوکات دووەم کۆمەك بوو وەری گرتبوو , وەرە 7 ساڵ بە 25 دۆلار ببەیتە سەر, ساڵی دەکاتە 3,57142 دۆلار , بەگوێرەی پێوەری جیهانی بێت , ئەوەی داهاتی ڕۆژانە لە 2 دۆلار کەمتر بێت لە ژێر هێڵی هەژارییەوە دەژێت , بەڵام داهاتی نەنە سەبری لەژێر مەرگەوە بوو , ڕۆژانە دەیکردە 0,001 دۆلار , واتا 0,1 سەنت , هەرچەندە نەنە سەبری ژیانی لە زۆربەی پاشماوەکانی دیکەی ئەنفال باشتر بوو , ئەی بۆ نەپرسین ئەوانی دیکە چۆن ژیاون ؟؟ , ئەمە نهێنییەیە کەس سەری لێدەرناکات .

پانزە ساڵە نەنە سەبرییەکانی پاشماوەی 182000 ئەنفالکراو بەو شێوەیە ژیان بەسەر دەبەن , بەرپرسانیش لە کارخانەی ئۆتۆمۆبیلەکان ماشین بەکردن دەدەن , زۆر هاوارکرا , پاڕاینەوە , کڕوزاینەوە , شەرمانکرد , چاوتان لەم خەڵکە بێت , بەڵام چاوەکان لە ئاست ئەو خەڵکە نوقێنرا , ئەوەی هەبوو هەمووی لە نێوان بەرپرسان هەر یەکەیان بە گوێرەی بەرپرسیارییەتییەکەی دابەشکرا , نەنە سەبری و منالەکانی نەنە سەبرییەکانیش بە برسێتی و نەخۆشی و هەژاری و نەخوێنەواری ژیانیان گەیاندە ئەمڕۆ .

بەگوێرەی هەواڵێك "بودجەی ئەمساڵی هەرێم دوو ملیارو هەشسەدو بیست شەش ملیۆن دۆلارە" ,لەو ڕێژەیە " ئیدارەی هەولێر 54% و پشکی ئیدارەی سلێمانیش 46% " 1.

گەورەترین دەسکەوت لە ماوەی ئەم 15 ساڵە بۆ پاشماوەی ئەنفالەکان ئەنجام درابێت لە کوردستان , کە ڕۆژانە دەدرێتەوە بە چاویانا , زیادکردنی موچەی پاشماوەکانیانە بۆ 150000دیناری برێمەری لە حکومەتی سلێمانی , با لە سەر زاری خۆیانەوە بزانین ئەو کۆمەکە بە چەند خێزان دەدرێت و ڕێژەی چەند لە هەزێنەی کوردستان دیاریدەکات : (( بەڕێوەبەری مافی مرۆڤ و ئاوارە و ئەنفال لەئیدارەی سلێمانی راپۆرتێکی زارەکی لەبارەی گرنگترین ئەو پرۆژە و خزمەتانە خستەڕوو کە لەماوەی رابردوودا لەلایەن حکومەتەوە پێشکەش کراون، بۆ ئەمەش ئاماژەی بەوەکرد کەموچەیەکی تایبەت بەبڕی 150هەزار دینار بۆ زیاتر لە 7 هەزار کەس و نزیکەی 4500 پارچە زەویش بێ بەرامبەر بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوەکان دابین کراوە، لەبواری خوێندنیشدا ساڵانە (5) پلە دەخرێتە سەر کۆی گشتی نمرەی وانەکانی ئەو خوێندکارانی کەسوکاریان ئەنفالکراوە و لەزانکۆکاندا وەردەگیرێن، تاکو ئێستاش زیاتر لە 316 خوێندکاری کچ و کوڕی قوربانیانی ئەنفالکراو سوودیان لێ وەرگرتووە 2 .

هەموو ئەو کۆمەکەی دەترێت بەو 7000 خێزانە , کۆی گشتی دەکاتە 700000 دۆلار , ئەگەری ئەوە زۆرە ژمارەیەك باش لەوانە کەس و کاریان هەر ئەنفال نەبن , بۆخۆم شتی وام زۆر بینیوە , ئەو ژمارەیە مانگانە دەکات تەنها 70 دەفتەر دۆلار , واتە لە ساڵێکدا کۆی گشتی سەرجەم مانگانەکەیان دەکاتە 840 دەفتەر دۆلار , ئەم بڕەیە پارەیەش خانوییەکی باشی لە دۆلاراوەی هەولێر و فیرعەوناوەی سلێمانی پێ نایات .

**بۆ یەکەمجار لە ئایاری 2001 بڕیاری ئەوە درا مانگانە 200 دیناری سویسری بدرێت بە پاشماوەی قوربانیان , کە ئەوکات تەنها 10 دۆلاری دەکرد .**

**حکومەتی یەنك کە 46٪ لە هەزێنەی کوردی بەر دەکەوێت , بەشەکەی دەکاتە 1,2972 ملیار دۆلار , یەنك لە بودجەی خۆی کۆی گشتی 0,6٪ ی هەزێنەکەی تەرخان کردووە بۆ کۆمەکی پاشماوەی قوربانیان(( تەنها ئەوەی لە بەغداوە بەری کەوتووە)) , لەو ژمارەیەی مانگانەکە وەردەگرن بەشێکی لە پاشماوەی ئەو قوربانیانەن , لە ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی پارتی دەژێن , هەرچەندە یەنك بۆ مامەڵەی سیاسی ئەم کارە دەکات , تاکو سەرنجیان ڕابکێشێت و دەنگەکانیان بکڕێت , بەلام هەر کارێکی باشە , چەند ناشرینە بۆ حکومەتێك , پاشماوەی ئەنفالەکانی ژێر دەستی لە بنەسەڵاوەو دارەتوەوە بچن لە کۆیە مانگانە وەربگرن , لە هەولێریش شاری خەونەکانیش دروست بکەن ! .**

**هاوکات ناشرینییە بۆ یەنکیش کە زیاتر 7000 کەسی بە وەزیر و مستەشار و فەرماندەی گشتی خانەنشین کردووە , مانگامەی هەر یەکەیان دەیان جار بە ئەندازەی مانگانەی پاشماوەی ئەو قوربانیانەیە , کە بەرپرسەکانی ئەمڕۆ بەری قوربانییەکان ئەوان دەخۆن .**

**لە وڵاتێکی وەك بەریتانیای سەرمایەداری , جیاوازی مانگانەی بلێر و بێکارێك 1000٪ زیاتر قەدەغەیە , بەلام لە کوردستان بێ دەسکەوتی گەندەڵی ئەم جیاوازییە لە سلێمانی بۆ پاشماوەی ئەنفال و وەزیرێك 3600٪(( حوتە گەورەکات کلیلی هەزێنە بە دەست خۆیانەوەیە , جیاوازییەکە ناخوێنرێتەوە)) , لە هەولێرش بێ کۆتاییە , چونکە پاشماوەی قوربانیان هیچ مانگانەیەك و داهاتێکیان نییە .**

**حکومەتەکەی پارتی تاکو ئەم چرکە ساتەش بە فەرمی 1 فلس نادات بە پاشماوەی ئەو قوربانیانەی لە ژێر دەسەلاتی دەژێن , واتە تەنها 0,0٪ هەزێنەی گشتی حکومەتەکەی بۆ پاشماوەی قوربانیانە .**

**هەر ئەم هەلومەرجەیە وایکرد , توێژەرەوان بەم ئەنجامەی خوارەوە بگەن :**

(( (96%)ی ئەو ژنانەی کە هاوسەرەکانیان بەرشاڵاوی شوومی ئەنفال کەوتن، بەبێوەژنی ماونەتەوە .

(13.5%)ی ئافرەتانی پاشماوەی ئەنفال بەشێوەیەکی تەندروست لەلایەن حکومەت و هاووڵاتیانەوە کۆمەك کراون .

. بەلام (38.4%) ئەوەیان بەئێمە ڕاگەیاند کە بەشێوەکی زۆر کەم هاوکاری کراوین، بێ ئەوەی ئەو هاوکارییە هیچ یەکێك لە گرفتەکانمان چارەسەر بکات .

لەدۆزەخی کارکردنەوە بۆ دەستدرێژیی کردنە سەر شەرەف کە ڕێژەی (5.26%) ئەو کرێکارە ئافرەتانەی کە لە ئەنفال جێماون، ڕووبەڕووی کێشەی تەحەرووش بوونەتەوە. هەروەها ڕێژەی (2.3%) ئەو ئافرەتانەش دەستدرێژی سێکسیان کراوەتەسەر.

لە بەدواداچوونەکەدا هاتووە کە ڕێژەی(81.6%) ژنانی پاشماوەی ئەنفال، داهاتی مانگانەیان لەنێوان (200-400) دیناردایە (ئەم توێژینەوەیە کاتێك ئەنجام دراوە کە دیناری سویسری بەکار دەهات).
ئەو خێزانانەشی کە داهاتی مانگانەیان لەنێوان (400-600) دیناردایە، ڕێژەی (12%)ن . بەلام ئەو خێزانانەی کە داهاتەکەیان لەنێوان (800-1000)دیناردایە، ڕێژەی (1.6%) پێك دەهێنن . ئەو خێزانانەشی کە داهاتەکەیان لەسەروو (1000) دینارەوەیە، تەنها ڕێژەی(0.8%) پێك دەهێنن.

دەرەنجامی بەدواداچوونەکە دەریخستووە کە ( 55.21%) کوڕان وازیان لەخوێندن هێناوە و بە کارکردن و پەیداکردنی بژێویەوە خەریکن . ڕێژەی ئەو کچانەشی کە ناو پۆلەکانی وانە خوێندنیان فەرامۆشکردووە و لە قوتابخانە هەڵهاتوون بۆئەوەی ئیشی ماڵەوە بکەن، ڕێژەکەی دەگاتە (55.7%).

## سەرچاوەکان :


1- **http://www.hawlati.com/web/content.asp?ContentId=646**

2- **http://pukmedia.com/kurdinews/4-4/news9.html**

**Peyamner-3** - فازڵ نەجیب / سلێمانی
لەو لێکۆڵینەوەیەی کە هەردوو خوێندکار (بەرهەم و هێمن) ئەنجامیان داوە